The Centre of Halabja
Against Anfalization and
Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u
Cinosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

## چاک توانی ئیمزای 11 پەرلەمانتاری سویدی  بۆ ناساندنی ئەنفال بەجینۆسایدا بەدەست بهێنێت.

کاتێک بڕیارماندا ئەم کە مپینە دەست پێ بکەین ، ترسێکی زۆرمان هەبوو کە نەتوانین پاڵپشتی دەزگا سیاسیە گرنگەکانی ئەم وڵاتە بەدەست بهێنین ، چونکە کارێک بوو لەپێش ئێمەدا هیچ پارت و رێکخراوەکی کوردستانی هەنگاوی بۆ نە هاوێشتبوو. لەگەرمەی کارکردنیشماندا بەداخەوە هیچ پارت و ڕێکخراوەکی سیاسی و دیموکراتی کوردستانی بەگشتی و رۆشنبیرانی کورد لە وڵاتی سوید بەتایبەتی تا ڕۆژگاری ئیمرۆشمان هیچ پاڵپشتیەکی ئەو هەنگاوە ی ڕێکخراوی چاکیان نەکرد ، کە ئەوە لە چاوەڕوانی ڕێکخراومان نەبوو .
بەڵام خۆشبەختانە توانیمان هەر لە هەفتەی یەکەمەوە کۆمەڵێک چالاکی باش ئەنجام بدەین کە بەرای ئێمە بۆ یەکەم جارە بتوانرێت پاڵپشتی چەندین کەسایەتی گرنگی سیاسی لە ولاتێکی ئەورپی بۆ ناساندنی ئەنفال بە جینۆسایدا بەدەست بهێنرێت ، کە هەوڵ دەدەین ماوە ماوە ئەم پاڵپشتیانە بلاو بکەینەوە .
هەروەک لە بەیانەمەیەکی پێشوودا رامان گەیاندبوو کە 5 ئەندام پەرلەمانی سوید ی پشتگیری ئەم کەمپینەیان کردبوو کە هەریەکێک لە

1/ یەعقوب یۆهانسۆن ئەندامی یەکێتی ئەورپا و سوید پارتی چەپ
2/ میکائیل یوهانسۆن . ئەندام پەرلەمان لە پارتی ژینگە
3 فردریک مالم ئەندام پەرلەمان لە پارتی گەل
4/ هانس لینا ئەندام پەرلەمان لە پارتی چەپ
5/ ئیگۆن فرید ئەندام پەرلەمانی پارتی چەپ

لەم هەفتەیەشدا ئەگەرچی بڕیاری لەسێدارەدانی سەدام کەمێک لە کارو چالاکیەکانی کەم کردینەوە، بەڵام خۆشبەختانە توانیمان پاڵپشتی 6 ئەندام پەرلەمانی تر بەدەست بهێنین کە هەریەکێک لە

1 / سیف هۆلم ئەندام پەرلەمان لە پارتی چەپ
2/ بۆدیل کەبەلۆس بەرپرسی بەشی دەرەوەی پارتی ژینگە لەپەرلەمان
3 /ئیڤا ئۆلۆفسۆن ئەندام پەرلەمان لە پارتی چەپ
4/ یۆسفین برینک ئەندام پەرلەمان لە پارتی چەپ
5/ گۆنڤۆر ئیرکسۆن ئەندام پەرلەمان لە پارتی ژینگە
6/ هێلێنا لیندەر ئەندام پەرلەمان لەپارتی ژینگە

بەپێی ئەو پەیوەندیانەی لەگەل پەرلەمانتاران ئەنجامی دەدەین چاوەڕوان دەکرێت ئەم ژمارەیە لە هەڵکشان بێت.

بۆ پالپشتی کردن لەم کەمپینە دەتوانن پەیوەندی بەم ئمێل و ژمارە تەلەفۆنانە بکەن

rezwankader@hotmail.com

ronakshwani3k@hotmail.com

assobyari@yahoo.com

یان ژماره تەلەفۆن

**0737589576 ڕۆناک شوانی**

**0736193769 چنور سەدیق**

ناوەندی چاک /سوید

20061111